# ئیحسانی نەمر

**ع. ع. شەونم**



مرۆڤە جوامێرەکە، کوردە کوردپەروەرە بێ خەوشەکە، زاناو ئەدیبی بە پیت و فەڕ د. ئیحسانی پایەدار. چڵ ساڵ لە ناو دنیا فراوانە بێ پەیە سادەکە تا من و هاورێیەتی گوزەرمان کردو ئەلبومی یادەوەرییمان ئەنەخشان و کۆدەکردەوە، بەشدارییمان ئەکرد لە سەرنجدانی هەڵسوکەوتەکانت و خۆشیمان وەرئەگرت لە گوڵمەزە خۆشەکانت ئەی مرۆڤە نەمرەکە، گەلێجار سەرمان لەوە سوڕئەما کە هیچ کێشەو بوغز ناگریتە دڵ و زۆر بە سادەیی و خۆشییەوە ڕۆژان ئەخەینە سەر شەوان، خێرایش ئەو کەسانەت ئەبەخشی کە ئەکەوتنە ناو تەڵەی هەڵەو سەرپێچییەوە، بۆیە لەم شیعرە پاکو بێگەردە تا بەرامبەر بە دڵە بێگەردەکەت ئەڵێی:

**بەڵێ زۆرجار بەکوڵ گریا گەلێ جار کەوتە لایلایە**
**بەڵام هەرگیز لەکینەو بوغز بەمسقاڵ تۆزی تێنایە**
**دڵێکە ساف و بێگەردە دلێکە چەشنی ساوایە**
**ئەبینێ، هەست ئەکا، کەیلە بەڵام کینەی بەلانایە.**

دنیا تایبەتە بێ سنوورەکەت هیچ کەمتر نەبوو لە دنیای ڕۆشن، پڕبوو لە ئەستێرەو تریفەی مانگی کۆڵنەدان، پڕبوو لە هەوڵ و تەقەلای مەبەست ڕۆشن و راساڵی و دڵسۆزی، پڕبوو لە دژایەتیکردنی نالەباران و ستەمکاران بۆیە لەم شیعرەتا ئەڵێی:

**هەزارجار دیل و ریسوابم بزانە نابەزم هەرگیز**
**بەگیان و سەر بەرەنگاری قەڵای ناپاکی زۆردارم.**

دنیاکەت پڕ بوو لە هیوا بۆ گەلەکەت، پڕ بوو لە گیانی لە خۆبووردن لە پێناویا بۆیە لەم شیعرەتا ئەڵێی:

گەلە هیوام، گەلە گیانم،
لە پێناویا ئەژیم ئەمرم
بەترسەلێم دڵی ناپاک ئەزانێ کارو فرمانم.

چل ساڵ من هاوڕێیەتی بە ناوی دنیا فراوانە بێ پەیەکەتا تەراتێنمان کردو ئاگامان لێبوو رۆژانی کارامەیی و دڵسۆزیت هەڵ ئەهێناو تاریکایی خەفەت و ئێش و ئازارت پێ ئەڕەوانەوە، ئاگامان لێبوو شیرت ئەکرد بەدەم ئاوات و ئامانجە پیرۆزەکانەوەو گۆشت ئەکردن تا ئەبوونە وەرزێکی بەهار ئاسا بۆ سوودی گشتیی.

ئاگامان لێبوو چەن دڵگران بووی بە دیل بوونی میللەتەکەت، بۆیە لەم شیعرەتا خۆشەویستی هەڵئەڕێژی بۆ کوردایەتی و بۆ مرۆڤ کە ئەڵێی:

خۆشی ژینم خستە ژێر پێوە کە میللەت دیل بکا
تاکو گەل دیل بێ هەتاوی خۆشی دەست من ناکەوێ.

ئینجا بەبەرچاو رۆشنییەوە چەند جوان ئەڵێ: سەیریکە هێرش ئەهێنێ رێی ژیانی شەمەئەکا/ واشەبەق سوورە بەڵێ خوێناوو قوربانی ئەوێ.

وا نەزانی ئەو دنیایەی بەجێتهێشتووە چۆڵ و هۆڵە، دنیاکەت ئاوەدانە نیشتەنییەکانی هەموویان کوردی کوردستانن لەسەرچاوە روونەکانی تۆوە جۆگەلە هەڵئەگرن و کشتوکاڵی بە ئاوات گەیشتن کورد و بەرزبوونەوە، تا لووتکەی لەبەرائەکەن هەرگیز سەرچاوەکەی دنیای هونەرت کوێرنابێتەوە ئەو سەرچاوەیە کە لە میهرەجانی هونەری ساڵی 1972 لە بەغدا نشانتداو خستەڕوو بۆ جیهان کە کورد خاوەنی سامانێکی هونەریی لەبن نەهاتووە، ئەو سەرچاوەیە تائێستایش روونەو پرشنگی هونەر بەناو کوردستانا بڵاوئەکاتەوە، بە هەزاران هونەرمەندی پێگەیشتوو سەرچاوە هونەرییەکەت بەرەو پەرەسەندن ئەبات، سەرچاوەکانی دنیاکەت زۆرن هەر لە گۆڤاری رۆشنبیری نوێوە تا گۆڤاری ماد هەر لە بەرهەمە نایابەکانی رۆژانی سەرۆکایەتی گشتیی رۆشنبیرییت تا سەرۆکایەتی گشتیی خوێندنی کوردیت و ئەو کتێبە کوردییانەی ئەتناردنە قوتابخانەکانی کوردستان و رووناکییان بڵاوئەکردەوە تا مامۆستای پلەبەرزی ناو دانیشتگا ئەمانەبوون وەرزەکانی دنیا بێ پەیەکەی تۆ.

شیعرەکانی دیوانی (گوڵی کێوی)ت و (کۆو تەرازو)و(بەستەی رووناکی)و دەیان شابەرهەمی ترت ئەمانەن ئەستێرەکانی دنیا فراوانە بەجێماوەکەت ئەی جوامێرە نەمرەکە، تۆ یەکەم کەسیت کە وێنەی شەهیدە پاڵەوانەکانی داستانی چیمەنت تۆمارکرد و ناوت نا (کۆو تەرازو) ناوێکت ناوە نەمرە وەکو خۆت بە ئاسمانەوە (کۆو تەرازو) هەتا هەتایە ئەدرەوشێتەوە تەنها من و هاوڕێیەتییەکەت دوو بەجێماوین رۆژ بە رۆژ ئەپووکێینەوە، چونکە دوای تۆ کەوتینە دەست بێدەرەتانی و ئەویش پەیتا پەیتا لە زووخاومان هەڵ ئەکێشێ بێ تۆییمان تەواو پێوەدیارە هەر ئەوەمان بۆ ماوەتەوە شیعرەکەی تۆ ئەڵێینەوە بەبەستەوە:

ئەی خۆشەویستی دوو بەدوور
بکشێ وەکو لافاوی سوور
لەکەل هەڵبێ خێرا وەرە

هۆزم هەموو دەربەدەرە.

جا ئێمە لە جاتی (هۆزم) ئەڵێین (هاوڕێ ) هاوڕێ هەمووی دەربەدەرە ئێستایش سەربارى ئەو هەموو سزایەی ڕۆژانە بەدەست بێدەرەتانییەوە ئەیچێژین هەر بە شیعرە جوانەکانی تۆ دڵخۆشی تەنیایی خۆمان دەدەینەوە.

چەن بە جوانی ئەڵێی:
شانازی میللیم ئاهم ئەمژێ
بۆیە فرمێسکم لەچاو ناڕژێ.

شانازیت بە میللەتەکەتەوە ئەوەندە زۆرە خەفەتت لە دەروونا ناهێڵێ بۆیە سەرچاوەی فرمێسکت وشکە .
یان کە لە عەشقی پیرۆزی وەتەن ئەڵێی:
ئەوەند ئەو عەشقە پیرۆزە وەتەن!
بەڵکو گەلێ زیاتر لە هۆشمابووی لە بیرمابووی،
لە دڵما کڵپە بووی ئاگر.
هەروەها کاک ئیحسان جوامێری پاک و دەروون پاک چەند جوان لەگەڵ هەوێنی شیعرا ئەدوێ کە خاکی کوردستانە ئەڵێیت:

لەگەڵ تۆمە هەوێنی شیعری جوانم خاکی کوردستان
لەبیرما یادی تۆماوە بەتەنها وەک کوڵی بورکان
هەتا ئەم عومرە پێشمەرگەی هەقی بەرزی ژیانی تۆم
مەڕوانە ڕەنگوبۆم چونکە ڕێبواری بێ وچانی تۆم.

شاعیری جوامێری پایەبەرز بە بەرچاو ڕۆشنییەکی تەواوەوە ئەڵێ:

لەشکری زۆرداری سەدجار دانی باڕیچ بێتەوە
هێرشی کورد کوشتنی خوێن ڕژتن ئەبڕێتەوە
کوردێ تا ئەم سەردەمە مابێ لەناسۆرو خەما
خاوە نیازی دوژمنانی تازە چۆن ئەبڕێتەوە
حەیفە کوردێ ڕاست لەناو ئەم خاکەدا پەروەردەبێ
یادەوەریی کوردایەتی پەرکاو لەبیری چێتەوە.

لەئەنجاما ئەزانم هەتا باست بکەم کەمە، لەبەرئەوە بەم شیعرە کۆتایی بەم کزەی دەروونم ئەهەژێنم لەگەڵ ئازادیدا ئەدوێیت ئەڵێ :

لەگەڵ ئازادییا کەوتمە سکاڵاو ڕازو گوفتوگۆ
وەکو دڵدارێ مەست بووم نەک بەبۆنی شەونم و شەوبۆ
لەبەرچی وا لەکورد زیزی کە تۆ لای دۆستی ئازیزی
کە سەد ساڵە لە خوێنایە ئەڕەنجێ تاوەکو ئەمرۆ
هەتا کەسی دیل و ڕسوابێ هەتاکەی ڕەنجەڕۆو کەوتو
لە ئەستۆی کێی گرم ڕەنجی هەزاران ساڵی بابردوو

هەتاکەی کێوی ئارارات بەئاڵای سوورت شەنگ ناکەی
لە کورد تۆ چیت ئەوێ بیڵێ چییە داخوازی و مەرجی تۆ
ئەگەر هەوڵ و تەقەلایە لە ملیۆن هەوڵی کورد رەت بوو
ئەگەر سووتانە شارودێم هەموو هەرئاگرەو سوتوو
ئەگەر قوربانییە بەقوربان نەوەک یەک سەد هەزار تیاچوو
ئەگەر گیانت ئەوێ بگرە ئەگەر خوانیت ئەوێ فەرموو